# کارل مارکس

**ئا: شاسوار کەمال مەحمود**

کارل مارکس فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی وەک ئابووریزانی سیاسی، مێژووزان ، تیۆریستی سیاسی ، سۆسیالیستێکی شۆرشگێر ناسراوە. کارەکانی بوونەتە هۆی بەرپاکردنی چەندان رژێمی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستدا. بناغەی تیۆرەکانی مارکس لەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابووری دامەزراون کە هەمووی بەیەکەوە پێیدەوترێت مارکسیزم. مارکس رۆڵی کاریگەری هەبووە لە گەشەکردنی تیۆری کۆمەلایەتی مارکسیزم و بزووتنەوەی زانستی کۆمەلایەتی و سۆسیالیستی سیاسی. دیارترین کارەکانی بریتین لە : (مانیفێستی کۆمۆنیستی) و (سەرمایەداری). زۆربەی کارەکانی بە هاوبەشی لەگەل (فریدریک ئەنگلس)ی هاورێی نووسیووە. کە ئەویش سۆسیالیستێکی شۆرشگیری ئەلمانی بووە.

مارکس لە خێزانێکی مام ناوەندی جوولەکە لەدایک بووە. بەهۆی ئەو گرفتانەی خێزانەکەیان وەک جوولەکە رووبەرووی بوونەتەوە باوکی بریاردەدات دینی خۆیان لە (یەهودی)ەوە بگۆرن بۆ (لوسەریزم). دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، دەچێتە زانکۆی بۆن، ئەو زۆر حەزی لە ئەدەب و فەلسەفە دەبێت، بەلام باوکی زۆری لێدەکات که بچێتە بەشی یاسا. دواتر بەهۆی خراپی نمرەکانیەوە لە بەشی یاسا دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی بەرلین. هاوکات زۆر سەرسام دەبێت بەکارەکانی هیگل، بەلام دوای ئەوەی زیاتر تێکەلی کاری فەیلەسوفە رادیکالەکان دەبێت، مارکس لەگەل بۆچوونەکانی هێگل ناتەبا دەبێت. سەرەتای کاری نووسینی مارکس بۆ نووسینی کورتە رۆمانێک دەگەرێتەوە، پاشان رروودەکاتە فێربوونی زمانەکانی ئینگلیزی و ئیتالی و دواتریش بروانامەی دکتۆرا لە زانکۆی جێنا بەدەست دەهێنێت.

مارکس حەزی بە ژیانی ئەکادیمی دەکرد، بەلام رووی کردە رۆژنامەنووسی ولە یەکێک لە رۆژنامە رادیکالەکان بەناوی (Rheinische Zeitung ) دەست دەکات بە بلاو کردنەوەی بیروراکانی. لە نووسینەکانیدا مارکس بە توندی رەخنە لە سیاسەتی حکومەتەکانی ئەوروپا دەگرێت کە بەرامبەر کۆمەلگە و کرێکان پەیرەوی دەکەن و بە سیاسەتێکی ناکاریگەری دادەنێت کەنابێتە هۆی خزمەتکردنیان. دواتر لە چەند گۆڤار و رۆژنامەی دیکەدا لە ئەلمانیا و فەرەنسا وتار و بۆچوونەکانی لەسەر رووداوە گەرمەکانی ئەوکاتە دەخاتە روو.ئەم کارەشی زۆر سەرئێشەی بۆ دروست دەکات و تەنانەت لە فەرەنسا دەردەکرێت، پاشان لە بەلجیکا بەمەرجی پاسەکردنی سیاسەت رێگەی چوونە ژوورەوە پێدەدرێت. سالی 1849 هەر لەبەر هەمان هۆکار ناچاردەبێت رووبکاتە لەندەن و هەر لەوێش دەمرێت لە سالی 1883.



کاریگەری کار و بۆچوون و نووسینەکانی مارکس تا رۆژگاری ئەمرۆشمان بەردەوامن، بەرادەیەک لەماوە سالانی رابردوودا لە ئەوروپا و ئەمریکا دوای روودانی قەیرانی دارایی زۆر کەس و لایەن داوای پیادەکردنی بیروراکانی مارکسیان دەکرد لە بواری بازار و ئابووریدا بۆ رزگار بوون لەو تەنگژانەی سەرمایەداری دروستی کردبوون.

سەرچاوە:
http://www.thefamouspeople.com/profiles/karl-marx-222.php